بارزانی و سەرۆک کۆمار جەخت لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران دەکەنەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ سەرۆککۆماری عێراق جەختیان لە دابینکردنی شایستە و مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێمی کوردستان کردەوە.

نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ د. عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبووەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لەو کۆبوونەوەکەدا دۆخی سیاسی، ئەمنی و ئابووریی وڵات، پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و هەرێمی کوردستان و دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە تاوتوێ کران.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، هەردوولا جەختیان لەو گرنگیی بەردەوامیی گفتوگۆی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارە فیدراڵییەکان، تێپەڕاندنی خاڵە ناکۆکەکان بەپێی یاسا و دەستوور و دابینکردنی شایستە و مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێمی

کوردستان کردەوە.

هەر لەوبارەیەوە، هەردوولا هاوڵا بوون لەسەر گرنگیی سەردانکانی نێوان لایەنە بەرپرسەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تێگەیشتنی هاوبەش و بەهێزکردنی بنەماکانی دیالۆگی بنیاتنەر و کارا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و تێپەڕاندنی بەربەستەکان.

نێچیرڤان بارزانی داکۆکی لە پێویستیی دابینکردنی شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە کرد، دووپاتی کردەوە کە لێکگەیشتن و چارەسەری کێشەکان، یارمەتیی پتەوکردنی پێوەندییەکانی هەردوولا دەدات، هەروەها سوپاسی هەوڵەکانی سەرۆککۆماری کرد بۆ پەرەشییان و بەدواداچوونی پرسەکانی هەولێر - بەغدا.